ڕۆشنایی ئەدنبرە لێژەر پەنچە دروشاوەکانی پێکەری دەیقید هیوم … خەندە حەمید

بە لەئامان و واتاکانی تێگەیشتن لە گرنگی و جوانی شارێک، پەویستە لە چەند ڕوانگەیەکەوە لێی بڕوانی. شار وەک چۆن پەویستی بە مێژوو هەیە بەهەمان شێوە پەویستی بە هونەر، تەلارسازی، فەلسەفە و هاوەنی هەیە، چونکە هاوەنی و هاوسێنگی بنەمای شارن. ئەمەش دەمگەیەنە بەو پرسیارەی، بۆچی ئەدنبرە هێندە شارێکی مێژوویی و جوانە؟ لەبەرئەوەی هەریەک لەو ڕەگەزە پێکهێنەرانەی شار کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدان، لە خاڵە زیندوو و جوانەکانی ئەم شارن.

ئەدنبرە لە سەدەی پازدەیەمەوە پایتەختی سکۆتلەندە. سەرەتای ئەوەی سکۆتلەندا بە ماوەیەکی درێژ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکراوە، بەناو سکۆتلەندییەکان و خەڵکی ئەم شارە کولتوور و شارستانیەتی خۆیان پاراستووە. بە واتایەکی دیکە دەستیان بەوەوە گرتووە کە هەیانە. ئەمە لە فیلمی دەئازاکە Braveheart ویست و پەیامی هاوەتیە سکۆتییەکانمان بباشی گوێ لە دەبێ کاتێ کارەکتەری سەرەکی فیلمەکە william wallace دەڵێ: لەوانەیە ئەوان ژیانی ئێمە بەرن، بەناو هەرگیز ناتوانن ئازادی ئێمە بەرن! کەواتە گەر تۆ ئازادیت نەبوو هەموو شتێکی دیکە بەمانا دەردەکەوێ، سکۆتییەکان هیچ شتێکیان نەکردبە ئەوەیان کردووە کە نەیان هێشتووە داگیرکەرەکەیان دەست بەسەر ئازادی ئەواندا بگرێ. تانانەت وینستۆن چەرچڵ سەبارەت بە ئەوان دەبێژێ: "لە سەرجەم نەتەوە بچووکەکانی سەر ئەم زەویە، هیچ نەتەوەیەکی ئەنتیکە لە بەخشین و هاریکاریکردنی مرۆڤایەتیدا بەقەی سکۆتلەندییەکانیان دابێتەوە". دەبێ داگیرکراو کاریگەرییەکی بەم شێوەیە لە داگیرکەرەکەی بکات. دەبێ سکۆتلەندییەکان چیان کردبێ، کاتێک داگیرکەریان بەم شێوەیە باسیان لەوە دەکات؟

هەروەها بەشێوەی ترادیسیۆنی جل و بەرگیان جیادەکرێنەوە، موزیکێکی ترادیسیۆنی تایبەت بخۆیان هەیە، کە بە ئامێری (Bagpipe) دەژەنرێ، ئەوان هونەر و چێژی خۆیان بەیەکەوە و لەگەڵ گەشتیارەکانیاندا بەشدەکەن. تایبەتمەندییەکی دیکەیان خواردنەوەی وسکییە، لەم بوارەدا ناوبانگی باشیان هەیە. هەروەها جۆرێک لە

پسکیتیان هەیە کە لە هی هەموو شونکانی تر جیاوازە. لە ئەدنبرەدا، سانە ڤیستیڤالێک لە مانگی هەشتدا دەکرێ، ماوەی یەک مانگ دەخایەنێ تێیدا سەما، موزیک، کۆنسێرت، ئۆپێرا و شانۆ لە هۆڵ، شەقام و شونە گشتییەکاندا نمایش دەکرێن. کاتێک دەچیتە ئەم شارە چەندان دووکان و پێشانگا تایبەت کراون بە بەرهەمە ناوخۆیی و خەماڵییەکانی ئەو، ئەوانەی کولتووور و شارستانیەتی ئەوانی پێ دەناسرێتەوە. هەندێ شار ماوەیەکی کەم تێیاندا دەمێنیەوە، بەڵام کاریگەرییەکی زۆر قوڵ لە لات بەجێدەهێڵن.

ئەدنبرە شارێکی تەواو مۆزوویی بە تەلارسازی بیناکان و پەیکەرەکاندا دەرک بەوە دەکرێ، لە ڕاستیدا، پەیکەری چەندان کەسایەتی گرنگ لەنێو شەقام و سەر ڕێگەکاندا دەبینرێ، چونکە هونەری پەیکەرسازی بە هونەری گشتی، هونەری خەڵک ناسراوە. یەکێک لەو پەیکەرانە دەیقید هیومی فەیلەسوفە. پەیکەری هیوم لەنێو شاردا ژێرپێکانی دەدرەوشێنەوە کەس هەیە لەو شارەدا بەلایدا تێپەڕێت و دەست لە پێیەکانی نەدا، بەتایبەت فەرخوازەکان چونکە گوایە کاتێ دەست لە پەنجە گەورەی پێی دەدەن! بەختێکی باشیان بە دەهێنێ. من هەرکاتێ بەلایدا ڕەتبوایەم دەستم لە پەنجە درەوشاوەکانی دەدا و چێژم لە دیمەنە جوان و مۆزوویییەکانی ناو بازاڕەکە وەردەگرت. ئەمە بە بەختێکی باش نەبوو بە خۆم، لەبەرئەوەبوو هیوم یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی من خوێندوومە، چونکە چێژم لەوەرگرتووە و لەوەی فێربووم. پەیکەری هیوم بە شێوە گەنجییەکەیەوە پێ وزە و هێزی هەش دەردەکەوێ، ئەمەش پێمان دەڵێ سکۆتییەکان بەو شێوەیە وزەی هزرڤانەکانیان نمایش دەکەن، بە پێچەوانەی هونەرمەندانی لای خەمان پەیکەری شاعیر و بیرمەند و نووسەرانمان بە شێوەیەکی پیر نمایش دەکرێن و نیشان دەدرێن، کە ئەمە زەربەی کات هەر بەم شێوەیە بەریان دەکەوین. من دەمەوێ ئاوڕش بەم کە پیری واتا جوانی و پێ ئەزموونی، بەڵام دیوی دووەمی پیری دەرخەری لاوازی تینی وزەی هەش دەگەیەنێت.

گرنگی هیوم لە تیرییەکانیدا سەبارەت بە هونەر و جوانی دەردەکەوێ، سەبژێکتیڤیتی جوانی شونکی گرنگی لەنێو ترادیسیونی فەلسەفەی خۆرئاوادا هەیە. هیومیش لەژێر کاریگەری ئەو هزرە بەوای بە جوانی هەیە، جوانی وەک کەشێکی ناوەندیی لە ئیشکانیدا دەردەکەوێ پێی وایە: جوانی ئەدگارکی خەیی شتکان نییە، بەڵکو جوانی شتکە لەنێو هەشی لێوانردایە، هەر لێوانرکیش تێگەیشتنی جیاوازی بە جوانی هەیە. پەیکەری هیوم لە شونکی

ئاسایی و سەرە تایبەکی نەو بازاری ئەدنبرەیە، وەک زەربەی ئەو پەیکەرانەی کە لەنەو ئەو شارەدان بەهەمان شێوە لەنەو خەڵکەکەیدان، کە هەرکەسەک دەتوانێ بەلایدا تێپەڕ ببەت نەک بە تایبەت بچێ بە بینینی. هەرچەندە ئەمش نەسازێ لەگەڵ ئەستەتیکی هیوم خەیدا ئەو پەی وابوو ئیشیە هونەرییەکانی وەک پەیکەر، تابلۆ، موزیک، دەبە لە نەو پەشەنگاکان، مەزەخانەکان و هۆڵی کۆنسەرتەکان نمایش بکرێ، واتا جیاکراوە بەت لە ژیانی جەنجاڵی و قەرەباڵغی ڕۆژانەییدا کە پڕ لە شەواوی. تەنیا فەزایەک بە هونەر شیاوە کە بەتەواوی لە ژیانی ڕۆژانە جیاکرابەتەوە یاخود هیومیانە بڵێین: مەزەخانە تاقیگەیەکی مەزنە بە ئەزموونکردنی هونەر. چونکە تە لەوە هەمنییەکەی تەواوی هەشت هەیە، بەسەرنجدانێکی ورد لە ئیشە هونەرییەکە چێژێکی ساغ و ڕەسەنت دەستدەکەوێت، هەر لەبەرئەوەیە تەنیا لە مەزەخانەدا دەتوانین ئەو ئەزموونە بکەین.

دەمەوە لەوەوە پرسیاری ئەوە بکەم بۆچی لەرە پەیکەری نووسەر، شاعیر، هونەرمەندان دەبە لە نەو پارکێک یان دیواربەندی چوارچێوە بە کەشراودا دابنرێ؟ بەتەوانینی من وەڵامی ئەم پرسیارە دەمگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی بڵێم، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە لەرە نوخبە نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کەمەڵگە هەبە و بچێتە نەو خەڵکەوە. لە کاتێکدا ئەو کولتوورەی سکەتلەندییەکان دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان دەرک بەوە دەکەن و بەئاگان لە ناسینی کەسە گرنگەکانی نەو هزر و مەڕوویان، شارستانیەتی شارکەیان و سەرکردەکانیان.

لە ساڵی(١٧٢٤) شارەوانی ئەدنبرە گردی (Calton Hill)ی کردووە بە پارکی گشتی، دواتر لە ساڵی (١٧٦٠) دا مەنەمەنت و بیناکانی تێیدا بونیادنراوە، کە ئەمانە دەگەنەوە بە سەردەمی ڕۆشنگەری سکەتی. لەم کاتەدا سکەتلەندا لە ڕووی زانست و فەلسەفەوە زەر پێشکەوتوو بووە، یەکێک لە فیگورە دیارەکانی ڕۆشنگەری سکەتلەندی دەیفید هیومی فەیلەسوف بووە. لەبەرئەوە بۆجوانی هێشی هیوم و لەسەر بەیاری خۆی، ڕەگەیەکی مەڕوویی لەسەر (Calton Hill) واتا گردی کاڵتەن دروستکراوە، کە دواجار هیوم خۆشی لەسەر ئەم گردە نەژراوە. ئێستاش ئەم گردە بەشێکی گرنگە لە شوێنەوارە ناوازە و نایابەکانی ئەو شارە، بەتە میرات و شوناسی سکەتلەندییەکان، هەروەها بەتە شوێنی کەردنەوەی هەرێک لە ناسیونالیزم، فەلسەفە و زانستی سکەتی. لە کاتێکدا پێش هیوم گردی کوشتن و لە سەدارەدان بووە، هەروەها شوێنی سروودتەکانی پاگانەکان بووە. ئەمە پەمان دەڕە چۆن

دەکرێ هزری فیلسوفێك هێندێ کاریگەری لەسەر شارستانیەت و کولتووری شارێک هەبێت، لەبەرئەوە دەکرێ بەم ئاقڵی فیلسوف بونیادنرێ.

لە ئێستادا خاڵکی لە هەموو جیهانەوە دێن بۆ سەیرکردنی گردەکێ و هێگەکەش ناونراوە (Hume walk) واتا پیادەڕەوی هیوم، زۆر لە هزرڤانە مەزنەکان لە کاتی پیاسەدا بیرکێ و هزرکانیان بۆ هاتووە. هیومیش بەهەمان شێوە پیاسەوان بووە، زۆربەی کاتەکان پیاسەی تەداکردووە و هزرانەدوویەتی لەبارەی تیۆریێ فەلسەفیێکانیەوە. هەروەک فرێدریک گرێس لە کتێبی (فەلسەفەی پیاساندن)دا بڕدەوام جەخت لەو هزرکێیە دەکاتەوە کە پیاساندن ئازادبوونێ؛ هەر بۆیە مرۆڤ هێندێ لەو شارەدا و بۆتایبەت لە گردی کاڵتۆن هەست بە ئازادی و هەوریێکی ڕەسەنی شوێن و ژینگەکەی دەکات. بۆیە دەکرێ ئاقڵەکی شارستانیانێ ژیانێکی شارستانیانێ و بەختەوەرانە بەرهەم بهێنێ. دەشێت ڕۆڵی فیلسوفێک چ کاریگەرییەکی گەورە و قووڵ لەسەر وەاتێک و بۆتایبەت شارێک جێبهێڵێت. ئەمش وادەکات بەڕەم گەرچی ئێدنبرە جوانییەکی سەرسامکەری هەیە، بەاڵم بەهیومەوە جوانتر بووە.

سەرەتا کێزە فرینیای عەقڵ... سەرەتا کێزە فرینیای زمان ... محەمەد تەها حوسێن

زمان، دووەم نیشانەیە لە دەیان نیشانە لە مرۆڤدا شوناسی کولتووری و نەتەوەیی کەسەکانی پێ دەردەکەوێ، یەکەمیان جل و بەرگ و شێوەی نەخشاندن و سازانیەتی و ئەوەی تریشیان زمانە. یەکەمیان هەمایەکی ماددی بینراوە و دەکرێ کەسانێك بیپشکن لەو نەتەوەیە نەبن و دووەمیشیان هەمایەکی بەرهەست و ئەبستراکتە و دەکرێ کەسانێك پێی بدوێن کە دیسانەوە سەر بەو نەتەوەیە نەبن.

جلە نەتەوەییەکان لای زۆربەی نەتەوەکان تەنها بونەتە میراتێك لە نێو کەلەپوور و ناوە ناوە کەس و گرووپەکان بۆ ساتگەلێك دەچنەوە

ئەو قالبە و وەك وێنەی باوانیان دەردەکەونەوە، ئەمەش هۆنگە وەك یێنگ دەێ پەیوەست بێ بەو نموونە یەکەمە architype ی لەسەرەتاوە هەموومان لەوەوە ئەم میراتەمان بێ ماوەتەوە. هەر بێیە لەمێدا تەنها ئەو نەتەوە و گرووپانە هەمیشە بە جلە نەتەوەییەکانیانەوە دەردەکەون و لێیدانابڕێن کە خێیان بە پارێزەری کولتوور و کەلەپوور دەزانن و لە ترسی ونبوون یا تاوانەوەیان لە بەرانبەر بژاردە مێدێرنەکان لە جیاتی ئەوەی عەقڵ بکەنە قەڵغان بە جلوبەرگ خێیان لە کاریگەریە خودبەەکان دەپارێزن.

ئەوەی من لێرەدا قسەم لەسەرێەتی لایەنە لێژیکیەکەیە لە شیکردنەوە و ڕاستەوخۆ ئەو ناساندنە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەوانەی سروشتیانە ئەو هەمایانە دەیانبەنەوە سەر نەتەوە یا گرووپە ئیتنیکیەکانیان و زمانیش وەك دەرکەوتێکی سروشتی هەروەك چێمسکی دەێ خێسکانە دەرکەوتووە بەێام لە مرۆڤدا دەرکەوتووە و پەیوەستی بنەمایەکی فیزیێلێژی و فسیێلێژیشە و لەسەر ئەم ئامادەباشیە سەرهەێدا کە لە ووی ژینیتیکیەوە بێی ساز بووە، مەگەر نا ئەم دیاردە ئینسانیەمان لێ وەدەر نەکەوت.

واز لە جل و بەرگ و پێشاك دێنم و هەر لەسەر زمان قسە دەکەم، زمان بێ ئەوە دەرکەوتووە شتی پێ پەیبەرین و بناسین و هۆشمانی پێ دامەزرێنین، بێ ئەوە دەرکەوتووە مانای پێ بدەینە هەموو ئەو شتانەی لە ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ هەن یا دەبزوون. ژیان هەروەك فێید دەیووت پێویستی بە "بیر"ێکی بەهێزە، ئەم بیرە لای فێانکل بووەتە "مانا" بێ ژیان. تەنها مرۆڤە هەست بە ژیانی خێی دەکا و دەشزانێ چۆن سەرەتای هەیە ئاوەهاش کۆتایی بە ژیانی دێت، هەر بێیە ئەو ژیانەی دەیژیێ، ئەگەر بە ماناوە نەیباتە سەر لە خودی هۆسەنی خێی دادەبڕێ و تا ماوە بە خودێکی ساختەوە دەگوزەرێنێ.

ماناکان لە زماندا هەما وەردەگرن و دەپارێزرێن و وردە وردە گەشە دەکەن، لە زماندا هزر وەردەگێردرێتە سەر وشە و دەنگ و سیمبولیزە دەبێ. زمان دنیایەکی تری لە نێو ئەو دنیایەی تیایداین، کە وەك بوونەوەرێکی بیێلێژیکی لە دایك دەبین دێینە (دنیای یەکەم) کە ئەم سەرزەمینەیە، کە زمانیش دەگرین دەچینە دنیایەکەی تر و ئەگەر هوشیارانە ڕێی بوونێکی عاقڵانەی تیادا پیادە نەکەین ئەوا ناتوانین ئەم دنیا ئەبستراکتە جوان بسازێنین و بناغە و هۆساکانیشی بە لەرزێکی ئەولا و ئەملا دەکەن.

لەرزێکیی زمان پەیوەستە بە لەرزێکیی عەقڵەوە، عەقڵی چالاك زمانی

چالاك دەنێته بەرهەم، عەقڵی زیندوو زمانی زیندوو دروست دەكا، عەقڵی بەهێز زمانی بەهێز دەنێته ئارا و دواتر (هێزی زمان) كولتووری بەهێز لە خۆیدا دەباته دەرەوەی خۆی و سنوورەكانی فراوان دەكا، هەروەك چۆن زمانەكانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی و رووسی و عەرەبی و فارسی و ئەڵمانی و.....تا ئەو ئاستەی ئێستایان فراوان بوون.
زۆر جار فراوانبوونی زمان پەیوەست بووە بەو هێز و دەسەڵاتانەی لە داگیركاریەوە كەوتوونەتەوە، بەڵام خۆ داگیركاریش ئەگەر جۆرێكی دیاری شەڵانگێزی بووە، ئەوا عەقڵێكی شەڵانگێز و فراوانخواز بەكاردەبردووە، مەرجیش نەبووە ئەم ئاستە لە فراوانبوون بە پێوەرە عەقلانیە ئینسانیەكانی ئەم دوادواییە گونجاو بووبن، گرنگ ئەوەیە ئەوەی هەبووە بەشێك بووە لە گەشەی مێژوویی مرۆڤایەتی و لەماڵدا پێوەرەكانی هێز و عەقلانیەت بەستراوەی نازم و ستانداردی ترن.

لە زمانی كوردی خۆماندا دنیایەك ڕەچكە دەدۆزینەوە دەمانبەنەوە سەر سەرچاوەكانی لاوازی عەقڵی كوردی، هەر لە بەرەوچوونی كۆمەڵایەتی و كولتووری و سیاسی و ئابووریەوە بگرە لە سەردەمەهەرە كۆنەكان و ئۆرگانیزەبوونە شێ و شەپۆلەكانەوە، تاوەكو دۆخە ناتۆكمە و لەرزۆكەكانی وا بێ سەدەیەك دەچێ تێیان كەوتووین.
لە مێژووی خۆماندا چون پەرتەوازەیی بە ژیانی فەرهەنگیمانەوە دیاربووە و نەمانتوانیوە بەسەر كۆسپە جوگرافی و تێبۆگرافیەكان زاڵبین و جەستەیەكی كولتووری لەسەر زەمینێكی بەیەكەوە بەستراو سازكەین، ئاوەهاش زمانەكەمان لە دۆخی دابڕانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی چەقیوە و نەیتوانیوە لە شێوەیەكی ستانداردی نەتەوەییدا خۆی بە دنیای دەرەوە بناسێنێ.

دەركەوتنی زمان بەم شێوە نایەكگرتووە لە ئەستۆی خۆی نیە، زمان هەر ئەوەندەی پێكراوە خۆی لە لەناوچوون بپارێزێ و ئەو هێزە سروشتییەی هەیبووە پاراستوویەتی و ئەوە نەتەوە و ئۆرگانەكانیەتی نەیانتوانیوە بە ئەركی نەتەوەیی و بەر لەوەش عەقلانی و ئینسانی و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خۆیان هەستن و ئەم توخمە سەرەكیە كە یەكگرتوویی لە مەرجە هەرە سەرەكیەكانی نەتەوەبوون و نیشتمانسازكردن و بە كۆمەگە بوون لە خۆیاندا پتەو بكەن بۆ ئەوەی بەو مەرجە هەنگاوی دڕۆتر نرابان لە پێناو پێكەوەنانی ژیانێكی مانادارتر لە چوارچێوەی قەوارەیەكی سیاسی وەك هەر یەك لەو قەوارانەی ئەمڕۆ لە دنیادا لە چوارچێوەی سیاسی و ئەتنیكی و كۆمەگەیی ئاخنراون.
مەرجی زمان لە نێوان سێ مەرجی دیكە بۆ پێكهاتنی گەل و نیشتمان لە

هەموویان بە هەزترە و نەتەوە هەبووە تەنها بەو مەرجە توانیویەتی خۆی لە قالبی وشات بخزێنێ و قەوارە بێ خۆی دروست بکا و مەرجەکانی تری وەك خاك و مێژووی ئەوەندە پتەو نەبوون.

ئەمانە هاستی تاڵی مێژووییەن و ئەو مانایەش ناگەیەنن کە ئیدی کێشەکە مادام مێژوویە و لە مێژە ڕیشەی داکوتاوە ئیدی هەروا دەمێنێتەوە و ڕووی بەرەو چاکیی نیە. ئەگەر نەتەوە بوونێکی سروشتی بووە و پەیوەست بووە بە دابەشکاریە کولتووریەکانی دنیا، ئەوا (گەل) بوونێکی دەسکردی مرۆڤە و وەك (ئانست ێنان) و (هەبزباوم) دەڕێن دروست بکرێ. هەر بۆیە نەتوانینی ئەمە تاوەکو ئێستا بێ ستانداریزە کردنی زمانی خەمان، ڕیشەکانی لە نەتوانینی عەقڵی کوردی بووە بە درێژایی مێژوو، لە خێ بە فیدراسیۆنکردن و خێ ێکخستن و مانەوەی بەم شێوە پچڕ پچڕەش کەسێتیەکی نەتەوەیی یەکگرتووی خاوەن خەسڵەتی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری ئینسانکردی بۆ نەهێناوینەتە ئارا.

دەرکەوتن لە فێمی کەسێتیەکی تەکمە لە دیدی (گێستاف لێبۆن) دەرکەوتنە وەك جەستە و کولتوور و تێکی بەهاییی یەکگرتوو کە دواتر لە مێژوودا وەك قەوارەیەکی خاوەن شوناس دەردەکەوێ.
لەوانەیە هیچ سەردەمێك وەك ئەم دۆخەی ئێستا تیایداین سازکردنی ئەم توخم و بنەمایانە سانا نەبووبن، ئەویش بە هۆی کرانەوە ڕیفۆرمیستیە عەقلیەکانی خۆرئاوا و پەرەسەندنی هزری لێبوردەیی و هاتنە ئارای بەها دیموکراسیەکان و پیادەکردنیان لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا. کەمتەر خەمی کاراکتەرە سیاسی و تەنانەت دینی و فەرهەنگیەکانی ئێستا لە مەیداندا هەن بەردەوامی سڵبوونە مێژوویەکەی عەقڵی خەمان درێژە پێدەدەن و پێماندەێن ناتوانین لە ژێر کاریگەری وێنە سەرەتاکانی هزر و عەقلی پێشان دەرچین و تا ئێستاش ئەوە هەر ئارچیتایپی یەکەمە کۆنتێڕۆڵی کردوویەن و بەرماناداتە.

سکیزۆفرینیا کێشەیەکی سایکۆلۆژی و عەقڵی عاسۆ نیە، هەلومەرجی ساز و لەبار هاوکار دەبن لە هۆربوونەوە و ئارامبوونەوە و هێنانەوە سەر ڕیتمە عەقلانیەکە لە جیاتی مانەوە لەسەر ئاوازی هەڕچوون و هەڤتارە سۆزاویەکان. سکیزۆفرینیای سایکۆئەتنیکی نەتەوەکەی ئەمە لە نێو زماندا بە ووونی دیارە. ئەوە نیە لە جیاتی داشتنی زمانێکی ستاندارد بۆ ئەو هەرەمە، هەر شێوەزارە بە شێوەی خۆی دەنووسێ و بە شێوەی خۆی زەمەنی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دوکۆمێنتار دەکا؟، ئەوە نیە لە نووسراوە هەسمیەکان دوو سێ کەسێتی

زمان قسەمان لەگەڵ دەکا و دەماندوێنن؟، ئەوە نیە شەی دیالێکتەکانیش وەك شەی حزب و عەشیرەتەکان چالاکیە دەمارگیریەکانی خێیان گەیاندێتە لووتکە و تەنانەت ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و نووسەرانیش خەمی پێکەوەنانی کەستیەکی ساغیان بێ زمان نەماوە و خزاونەتەوە باوەشی نەنك و باپیرانیان و فکر و هزر و شیعر و ....تاد بە شێوە زاری ناوچەیی دەنووسن؟، ئەمە سکیزۆفرینیا نەبێ؟ ئەی دەبێ چی بێ؟.

فرە کەستی زمانی ئێمە نەخۆشیەکی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی مەترسیدارە و سنوورە سایکۆلۆژیەکانی سکیزۆفرینیای تێپەڕاندووە و لە عەقڵی کوردیدا خانەخوێی خۆی دیوەتەوە. ڕزگاربوون لەم دۆخە فرەڕوویە هەر بە یاری ئەم حزب و ئەو حزب و ئەو لایەن و ئەم لایەن نابێ. کێشەکە لە مشك و شێوازی بیرکردنەوەدایە و ئەمەش هوشیاربوونەوەیەکی ریسکانەی دەوێ، دەمکە کێمەگە لە ژێر باری هێدمە کارەسیاسی و ئیداریە لەرزەکەکاندایە و هەر بە هێش خێیشی نایەتەوە، پێویستە شێوەی چارەسەر بێ ڕزگارکردنی زمان وەك هێمای سەرەکی ناسینەوەمان بگۆڕێ، مەگەر نا بەم لەرزە وەزیر و شێە وەزارەتانە هیچ ناکرێ.

سیمناری دەنگۆکان لە شاری تەرەنتۆ بە بابەتی سیاوەش ئووەیسی

دەنگۆکان لە درێژەی چالاکیێ ڕۆشنبیری و هونەرەکانیدا، هێستا بە ڕەخستنی سیمنارێك بە بابەتی: سیاوەش ئووەیسی
بە ناونیشانی: ئایدیۆلۆژیا و سیستەمێ تۆتالیتارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

قسەو باسەکانی بابەتی سیاوەش ئووەیسی
https://www.youtube.com/watch?v=fhXiNZkETHE

بەشداری ئامادەبووان لە قسەو باسەکان ...
https://www.youtube.com/watch?v=qHYXDCNnliQ

گەمەی شاراوەکانی با (5) ... نەژاد عزیز سورمە

" ئەم دەقانە لە ئەسڵدا بە عەرەبی نووسراون .
نووسەر و وەرگێڕ(نەجات حەمید ئەحمەد)
بە پێداچوونەوەی نووسەر کردوونی بە کوردی ."

بەشی پێنجەم و کۆتایی
(1)

من باڵندەم لە ئاسمانی چاوتا دەفڕم .
چرپەیەکی سەرزەنشتکراو ..
نەورەسی نیگاکانت لە باوەش دەگرم
کە لە نێوان گومان و دڵنیاییدا سەریان سووماوە ..
چیتە ؟
دەڵێی لە ئیرادە دامااوی ؟
بە داخەوە تاریکی مەمکی داپۆشیوی و
لێچیی هەرشی بۆ هێناوە ..
کە ڕەژە لە ڕەژان دوا پەناگەم بوو .
ئەو کاتانەی تۆ لە دووریانێکی نادیاردا بووی ..
من باڵندەم
دەفڕم بە بێ ئەوەی هیچ لە زانستی فێزین و
کەشی بەرزەفڕیی و
جوگرافیای جەستەی ڕاکشاوی
ژێر ڕەژنەی بارانی خەمەشی بزانم ..
بۆچی خۆشەویستەکەم ؟
چیت لە ڕاکردن بە دوای تراویلکە چنگ کەوت.؟

چیت لە ژێر باڵی شەوێندراوەوە دەزیەوە ؟
کە هاتبوو خامۆشت کاتەوە ؟
تۆ کە وا نیشان دەدەی ،
بە سروەی حەزێکی ئەبەدیەوە
هەڵبووبی ..
بە داخەوە خۆشەویستم ..
برین قووڵە ..
شووشە شکاوە
ئیتر کۆناکرێتەوەو پێکەوە نانووسرێتەوە ...

2005\10\25

(2)
ئەو کۆانانەم هێنانە گۆ ،
مافیاکانی قاچاخچیەتی لەو مەزرایە فڕیان دابوو ..
چەندان جار ،
بەهوودە دەرگای پاسەوانەکانمان کوتا ..
ئا ئەمەیە ڕۆژگاری نەخشێنراو بە درۆ و ڕیا و دووڕوویی …
ڕۆژگاری ئەو پاشایانەی بەسەر گۆچاندا کەوتوون .
کەنارگەڵێك ،
تەنانەت گەمیە بچووکەکانیش
لەنگەری تێدا ناگرن ..
ئەم گەڕەلاوژە توندوتیژانە
لە ئاودا ڕەوانی و
لە زەنگەکان زرنگانەوە و
لە سیمای غەریبانیشدا گەشایەتی وەردەگرن .
سپێدە لە کازیوەوە
ڕۆگاکانیش لەسەرەتاوە دەڕوخێنن ..
ئەوانە داگیرکەری تازەن
خراپەکاری لە زەمیندا بۆاو دەکەنەوە ..
بۆ ئەوەی بزانن بۆچی و بۆ کێ ؟
ئیتر با سنووڕێك بێ ئەو دڕەقییە دابنێین
پەنجەرەمان لە دیدە دەشارنەوە
پەناگەیەك بوون بۆ ئامان لە هەور … لە باران
با ئاوازی دڕینمان لێبدەینەوە ..
ئاوازی خۆشەویستی و دەرکەوتن و درەوشانەوە ..

2005\11\15

(3)
مانگ لە ێیزی ئەستێرە خەواوەکاندا ..
باهۆزی دەهاوکێ خلۆری دەکاتەوە
لێ داخ ،
ورشەی مانگ
لە ژنگاوەکەدا هەبەزو دابەزیەتی
من هەناێم
دەرگاو پەنجەرەکانیشم داناخەم ..
شەوکان بوون شادیان تیرڕکرد ..
تاکو خەمش دەربخەن ..
دان و ەگ بە ووتی
بەسەر پاتی کنبوومدا تدەپەن
هەندك جار پاساو بە پچەوانەوەی خەمەکانم دنمەوە و
گا بە پچ و گەوەکان دەگرمە بەر ..
هەند جاریش ،
سەر بە گاشە بەردکدا دەکشم
تا ئەو شتانەی تیدایە بزرنگنەوە
کە بە ناشون و ناکات دەچن
هەند جار دەبریسکمەوە
ئاخرمنیش
ژنگاو بێ خێم ادەکش
کە مانگ بە تریفەی تیدا
هەبەز و دابەزیەتی ..
ژنك ،
ەنگە بچتە ژنگاوەوە
لەوانەیە بێ ماوەیەك
بە قەد ماوەی داگیرساندنی جگەرەیەك وکوژاندنەوەی
هەدر امان دەکش …
ئمەش بەداخەوە سەرمان سماوە
هەستایەتیمان جێ ناهین
تاریکستانیش بەرەو نادیارمان دەبات
داخ پاش هەوەرینی دەمامکەکان چیتر …؟
ئایا بمان هەیە
بین ((ئمە بە هیواوە حوکم دراوین؟)) ..

2006\1\24

(4)
ها نەژاد خەریکی چیت
لەگەڵ هەموو ئەو ئەگەرانەی
جێی بەزەیی پێدا هاتنەوەن و بازاڕیان تەنیوە ؟
چی لەگەڵ مانگی سارد و سێدا دەکەی ؟
لەو شەوانەی شنەبا هەڵدەکەن
کە لە ئازارەکانی ڕۆژگارەوە هاتوون ؟
هەزار بە هەزاری مەمکان ..
لە ڕۆژگاری ڕق و کینەدا
لە خۆکەی نوور دەچوون ..
چی لەگەڵ valentinدا دەکەی ،
هەژموونی سواڵکەرە پێستمۆدێرنەکان
کە تۆوانینە خامۆشەکانیان دەخەنە ووو
وێنەی شمشێری دارین
بەدوای لوتکەو بەفرەوەن ..
ها نەژاد !
چی لەگەڵ مانگی ساردو سۆو
بڕەپیاوە سەرخۆشەکان دەکەی
کە لە هەڵایساندا پڵك ناگەن و
بەخۆەمێشی بگەنیان
خۆشەویستی مینۆژ دەکەن ..؟
چ دەکەی نەژاد ؟
لەگەڵ ڕۆژگاری سپڵە
کە بووەتە جێی پوچیی و
زەڵکاوی ئەستێرە خەمبارەکان ..؟
چیان لەگەڵا دەکەی نەژاد.. برالە ؟!

2006\2\14

(5)
دەشێ ئەم بانیژەیە
بانیژەی مالئاوایی بێ
یاخود دەست ڕاوەشاندنی خوا حافیزی
بەسەر بانیژەکەوە ..
بە بڕەنگیی خۆمان هەمان ناو
بە شنەی با نەخشاندمان
کە چەندەکمان لە ڕەنگی سپێدەوە دزی و

هەندێکی دیش لە چرپەی شەوگار ..
زەرجار بە وێنەیەك دەچوو
کەس لای لێ نەکردەوە
سەزێك لە سنگەوە دەردەچێ
وەفای تێچووە
ئەو بوونەوەرە نامۆیە
یا گوڵێك لە جیاتی چرا
لە وەستگەی خەمباران هەڵیدەواسم ..
قەت ناژێك ناوینی نابوارانم
بەلاوە گرنگ نەبووە ..
ئەوە وەسوەسەی من بووە ..
وەسوەسەی مرۆڤێك ،
بێ وەجد و نوور ژیاوە و دەژی ..
بەم جۆرە بانیژەکەم جێ دێڵم و
پەردە دادەدەمەوە ..
مانگ و ئەستێرانیش
بێ ئەوانە بە جێدێڵم
گەرانییان بێ دەڵێن …

2006\6\21

زێ حکومەت ! …. ئاری زێندینی

حکومەت نە کۆمپانیایە نە ماڵە نە گوندە نە دووکانە, حکومەت نە ئۆتۆمبیلە نە جل و بەرگ نە خانووە, مەبەستمانە بڕێن (حکومەت) هی تاك نیە هی کۆیە واتە هی خەڵکە هی میللەتێکە کۆمەڵگەیەکە کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبەن بەباشی نەك بە خراپی! کە دەڵێن بەباشی واتە ژیانی خەڵك باش بێت.بێ گەڵانەوە بێ فەلسەفەویاساو ڕێسایی حکومەتداری حکومەت لە کێن و ئێستادا بە شێوەی گشتی خزمەتی خەڵك و باشتر کردنی ژیانی خەڵك و ڕایکردنی کاروباری خەڵك جا هەر جۆرە سیستەمێکی حکومی بێت ئەمەش لە ڕێی داموودەزگاکانی و کە هەیکەلی حکومەتی پێدەڵێن.حکومەت دوو شتی گرەنگدەکات بێ هاوڵاتیانی :

1- بەڕێوەبردن وئاسانکردنی کاروباری هاوڵاتیان.
2- باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیان.

گەر بڕیتو شاشیەك لە خاڵی یەکەم هەبێت پێدەڵێن(گەندەڵی), بەڵام نوقسانی وبڕ بەرنامەیی و بڕ پڕۆژەیی لە خاڵی دووەم واتە (شکست حکومەت). هەموو ئامانجی حکومەتەکانی دونیا باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیانە بەڵام حکومەتی هەرێم لە هەردوو خاڵ نوقسانی و کەمتەرخەمی هەیە ئەوەش بە ئیعترافی کاربەدەستانی حکومەت خۆی بڕجگە لە ناڕەزایی هاوڵاتیان,حکومەتی هەرێم زۆر شەفاف وخۆراگروبەتەحەمولە بەرامبەر هاوڵاتیان هەر بڕیاڕێك بە فکری دابێت جڕبەجێدەکات لە خزمەتی خۆیی نەك خزمەتی هاوڵاتیان!چونکە هاوڵاتیان دەبێت چاوەڕێ بکەن قەرز وپاشەکەوت نافەوتێت بەڵام کێن دەبێت فەرمانبەر خڕ نامرێت بەڵام پیر دەبێت!هەشە مردووە!بڕیە لە جیاتی بڕێن سوپاسی خڕاگری با بڕێن سوپاسی پیربوون و مردنتان دەکەین!حکومەتی هەرێم حکومەتە هەروەك حکومەتەکانی دونیا داموەزگایی هەیەو وەزیری هەیەو بڕیاڕدەرەکات وکڕبووەوەی شەش مانگی دەکات حکومەتە نەك حکومەت نەبێت بەڵام (حکومەتڕکی خراپ) عەیب نیە وترسی ناوڕ !گرنگترین کێشەی حکومەتی هەرێم کێشەی (مەعنەوی و مادی)یە, کێشەی مەعنەوەی ئەوەیە منااڕکی دوانزە ساڵی متمانەوباوەڕی بە حکومەت نیە, کێشەی مادی واتە ئەو کێشانەی دیاروزەقن وەك کێشەی (موچەونەوت وشەڕی داعش و کەمی خزمەتگوزاری وەك کارەباوئاوونەوت وبەنزین) بەشێوەی گشتی.لڕەدا هەردوو کێشەکە (مەعنەوی ومادی) سووچی حکومەتی هەرێمە بە ڕادەیەکی کەم هێکارەکەی (بڕینی مووچە لە بەغداو شەڕی داعش و نرخی نەوت) بەڵکو زیاتریش خڕبوونەوەی ئەو بڕسەروبەریەی و ئیهمالی و چارەسەرنەکردنی ساڵانی پێشترە ئەمانە ئەو جیلەی ئێستاش وا تێدەگەن و دەزانن کە پێادەگەن نەك جیلی نەوەدەکان !کێشەی مەعنەوەی حکومەتی هەرێم هەندی بەڵێن و گفتی بە هاوڵاتیان هیچی جڕبەجێنەکرد بەتایبەتی لە کابینەی (8) , بڕجگە لەوەش لە سەرەتایی نەوەدەکان دەیانگێت حکومەت (ساوایە) کەواتە ئێستا (ئیفلیجە)!تەمەنی (25) ساڵە!حکومەتی هەرێم نەیتوانی ئەم قسەو قسەڵڵکانە چارەسەر بکات جا چ جایی باشتر کردنی ژیانی هاوڵاتیان!کێشەی حکومەتی هەرێم بوونی پلانی کاتی –(پینەکردن وبەنج کردن) بەڵام پلانی ستراتیژی بوونی نیە کەئەمە ئەساسی حکومەتداریە, کابینەی هەر حکومەتڕك هاتووە بڕ حیزب ئیشی کردووە نەك بڕ هاوڵاتیان و دواڕژ.حکومەتی هەرێم لە کاتی قەیران و کێشە ستراتیژ دادەنێت وچاکسازی دەکات هاوڵاتیان بە رەهەمەکەی درەنگ دەبینن گەر بەرهەمی هەبێت!بەڵێ من دەڵێم حکومەتی

هەرێم حکومەتە شازی حکومەتە شەفاف و چاوقایم وخۆاگرە بەرامبەر هاوڕاتیان هیچ لێیان ناترسی خەڵکەکەش هەندەك دەناسی!گرنگترین ئەوە کۆشانەی یان ئەوە خانەی حکومەتی هەرێم لای خەڵك دیاروزەقە پێوەی نانۆنی! بەکو هاوڕاتیان پێوەی دەناێینن!ئەمانەن وچارەسەکردنیش چنە:

1-کارەبا, گەر کوردستان چلەوانی بوایە تاکو ئێستا ,بناغەی کارەباو هەموو شتێك دادەنرا دەبوایەوە,خۆ کوردستان چلەوانی نەبووە!ئەساسی هەبووە.
2-زۆری فەرمانبەر نا بەکو زۆری مووچە خۆر!خزمووکەس وبرادەرووواستەی حیزبی!
3-کۆشەی سیاسی وحیزبی لایەنە سیاسیەکان لەبەر عەیبەو کوردایەتی نەبۆ یەکدوویی دەسنەوە!

گەر ئەو کۆشانە نەبوایەو چارەسەر بکرێت (شەی داعش ونرخی نەوت وبەغدایی قۆندەرە!) بەوشۆوەیە کاریگەری نەبووە!چونکە (یەکێتی وپارتی) زۆر لەوە گەورەترو موهیمترن!جا بۆیە حکومەتی هەرێم حکومەتە یان حکومەت نیە؟ بەڵێ حکومەتە ئیشی خۆیی دەکات حەقی لەسەر هاوڕاتیان نیە چیی دەڵێن ونالێن!پشوەکان دیاری دەکات و مووچە دەکاتە چارەکێك و بە نیسبە مووچە پاشەکەوت دەکات وسەرموچەوبەرزکردنەوە بۆ ئەو هەژماردەکرێت بەس بۆ فەرمانبەر هەژمارناکرێت و فەرمانبەر سێ ڕۆژ لە هەفتەیەك دەوام دەکات بەڵام وەزیر هەموو ڕۆژ!ئەکتیڤە زۆر!ئەوەی بڵێت حکومەت نیە گوناحی دەگاتێ بەڵام پاش (25) ساڵ لە یوبیلی زیوینی (زۆ حکومەتە)!بەڵام زۆر جار گەر بەشۆوەی زانستی و ڕشنبیرانە و گەشبینانە بیربکەینەوە ئەوپارەی ئێستا لای فەرمانبەران وخەڵك دەسوڵتەو هەمووی داهاتی ناوخۆیە داهاتی نەوت بڵکەولەبانکەکانە حکومەت پەلەی لێناکات لەبەر هەندێ کۆشەی سیاسی و بازاری نەوت ئەوهایە بەرەوخۆماڵی کردنی نەوتە کات و پارەی کۆمپانیاکانی دەوڵت گەر ئەو بیرکردنەوە هەڵەبێت وەزعەکە خراپتر دەبێت ئەو ێەشبینیە ێاست دەردەچێت, هاوڕاتیانیش لە هەرێمی کوردستان پاش ئەو ێەوشەی لە کوردستان و نا ئومێد بوون لە باشتربوونی باروودۆخی کوردستان لە ێوویی ئابووری و ئاشتی وسەقامگیری بەردەوامی شێ لە ناوچەکە وایان لێهاتووەو لێڵاهاتوون بەوەی (نان و مووچە) زۆر باشتروگرنگترە لە (ئازادی و ئێزسیۆن).

هەستەکی وون بوو … سمکۆ

من چاوم دادەخەم
کاتێک کە دەموو بتبینم
خەندەکانت
لە تیشکی خۆر دەچێ
کاتی بەسەر کێوگەی کوێنیما
دەدەچێ
من چاوم دادەخەم
کاتێک گوێ بە چرپەکانت
شل دەکەم
لەسەر تەنافی هەناسەت
هەزارو یەک ماچ
هەڵدەخەم
لەسەر برژانگم
جێگایەکت بۆ ئامادەخەم
تانکەوی ئەبێ هەردەم
بێ ئاگابم
چاودانەخەم
کاتێک کە تامەزروم
بتبینم
من ئەو کاتە چاو دادەخەم

سمکۆ / لەندەن ٢٠١٧